مەزنترین هۆکاری سەرکەوتن

دیاریکردنی
ئامانج

نووسینی
زانـــا علی محمد
شارەزا لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی



بۆ یەکەم جار

بەpdfکردنی ayub saber

چاپی یەکەم
2008

Scanned by TapScanner

مەزنترین هۆکاری سەرکەوتن

دیاریکردنی

ئامانج

نووسینی

زانا علی محمد

شارەزا لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی

چاپی یەکەم

٢٠٠٨

Scanned by TapScanner

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : مەزنترین هۆکاری سەرکەوتن – ئامانج –

بابەت : گەشەپێدانی مرۆیی

نووسینی : زانا علی محمد

کۆمپیوتەر : چاپخانەی گوڵ

چاپ : یەکەم ٢٠٠٨

شوێنی بلاوکردنەوە: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(   )ی ساڵی(   )ی پێدراوە.

مافی چاپ پارێزراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

Scanned by TapScanner

هەموو جیهان کۆببنەوە ناتوانن ڕێگا لەو کەس

بگرن کە دەزانێت بەرەو کوێ دەڕوات



Scanned by TapScanner

پێشکەشە

٭ بە دایك وباوكم، كە نموونەی زۆر بەرزن بۆم.

خوایە لێیان خۆشبەو بە دیداری خۆتیان شاد بكە

٭ بە جەمیلی برام كە هیوادارم رۆژێك بێت شاد ببمەوە بە دیداری

Scanned by TapScanner

سوپاسی

زۆر سوپاسی کاك وشیار نوری لەك دەکەم کە خاڵ بەندی پەرتوکەکەی گرتە ئەستۆ .

Scanned by TapScanner

پێشەکی

خوێنەری سەنگین ...

ئەو پەرتووکەی لەبەر دەستدایە لەمەڕ باسێکی گرنگ دەدوێت، ئەویش (ئامانج)ە. کە هۆکارێکی زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتن وئاسوودەیی بۆیە هەولدە ئەم پەرتووکە جێبەجێ بکەیت وبەبێ ئامانج نەژیت.

لەم پەرتووکەش هەوڵمداوە بەهیچ شێوەیەك لە بابەتەکە دەرنەچم تاکو خوێنەر بە بابەتێکی تر خەریك نەکەم.

لە کۆتاییدا سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری مەزن کە یارمەتی دام بۆ تەواو کردنی ئەم پەرتووکە .

لەگەڵ ئو پەری خۆشەویستیم بۆت.

زانا علی محمد

هەولێر ٢٠٠٨/٩/٨

Scanned by TapScanner

ئامانجەکانم لە نووسینی ئەو پەرتووکە ..

١. شارەزا کردنی خوێنەر لە گرنگی ئامانج .

٢. ڕەواندنەوەی هەندێ تەم و مژ دەربارەی ئامانج .

٣. شارەزا کردنی خوێنەر لەو کەرەستە و هۆکارانەی کە دەبنە هۆ
ئەوەی خاوەن ئامانج بە ئامانجەکەی بگات .

٤. دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی بەو جۆرە پەرتوکانە

Scanned by TapScanner

شێوازی نوسینەکەم

١) دوور کەوتوومەتەوە لە نووسینی ڕستەی زۆر بەڵکو هەوڵم داوە بە پێی توانا و گونجان و زۆر بە کورتی مەبەستەکانم بنووسم .

٢) سادە نووسینی ، هاتووم بە زمانێکی زۆر سادە و ئاسان بابەتەکانم داڕشتووە ، تا بۆ هەموو چین و توێژەك بگونجێ .

٣) بەڵام نەك بە شێوەیەکیش کە لە سنووری خۆی ببەزێت بەڵکو هەوڵم داوە مامناوەند بم .

٤) زۆر ووشەی (ئامانج و مەبەست) بە کار دەهێنین ئەمەش دیارە پێویستە بۆیە هیوا دارین بێزارتان نەکات .

Scanned by TapScanner

چۆن سوود لەم پەرتووکە وەردەگیری

١- جێ بەجێ کردنی زانیاریەکانی ناو ئەو پەرتووکە . خوێنەری خۆشەویست گەر دەتەوێ ئەم پەرتووکە سوودت پێ بگەیەنێ ئەوا خاڵ بە خاڵی جێ بەجێ بکە .

٢- با ئەم پەرتووکە بۆ چەند جارێك بخوێنرێتەوە ، بەڵکو هەوڵ بدرێت بە بەردەوام لە بەر دەستت بێت ، تا خاڵەکانی ناو پەرتووکەکە ئەزبەر دەکەیت .

٣- لەوانەیە سەرەتا جێ بەجێ کردنی بە گران و ئەستەم بێتە بەرچاو بەلاّم گەر هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەم پەرتووکە ڕۆیشتی ئەوا زۆر سانا کارەکان بەڕێوە دەچن .

٤- دەست هەڵنەگرتن تا تەواوی دەکەیت ، نە کەی بە چەند بابەتەکی ئەم پەرتووکە سارد ببیتەوە ، نا بەڵکو بۆ ئەوەی بە تەواوی سوودی ئەم پەرتووکەت پێ بگات ئەوا کە دەستت پێ کرد تا تەواو کردنی وازی لێ مێنە مەبەستمان تا تەواو کردنی وازی لێ مەیەنە ئەوە نییە بە یەك ڕۆژ یان بە (٢٤) کاتژمێر کۆتایی پێ بێنی ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ، یەکە بە یەکەی بابەتەکان بخوێنەوە و سەرنجیان لێ بدە و هەوڵدە تێیان بگەیت ، ئینجا بڕۆ سەر بابەتێکی تر ، تا کۆتایی پێ هێنانی

بەشی یەکەم

- پێناسەی ئامانج
- پاڵنەرەکانی ئامانج
- پلەکانی ئامانج
- سوودەکانی ئامانج

Scanned by TapScanner

پێناسەی ئامانج

ئامـانج : بريتـی يـە لـەو شـتەی کـە ديـاری دەکـەويت ودەتـەوێت بەدەسـتی بهێنيـت وە لـە ماوەيـەکی ديـاری کراودا.

Scanned by TapScanner

پاڵنەرەکانی ئامانج

ئامانج ووشەیەکی سەیر و سحراویە لە
ژیانی کەسی سەرکەوتوو

Scanned by TapScanner

خوێنەری خۆشەیست لەم خاڵە دا باسی چەند پاڵنەرێك دەکەین کە خەڵك وەکو وزەیەك بەکاری دەهێنن بۆ گەیشتنە ئامانجەکانیان . زۆرن پاڵنەرەکان، بەڵام هەندێکی مان هەڵبژاردووە کە دەتوانین بڵێین کە لە هەموو جۆرەکانی تر بڵاوترن ... کە بەم شێوەی خوارەوەیە :

أ- پاڵنەری سەروەت و سامان

سەروەت و سامان گرنگە بەڵێ زۆریش پێویستە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەی گرنگ و پێویستن ، بەڵام ئەو بایەخەی نیە مرۆڤ ژیان و تەمەنی خۆی لەسەر دابنێ ، بەڵکو پێویستە وا سەیری دەوڵەمەندی بکەین کە هۆکارێکە بۆ گەیشتنە ئامانجە بەرزەکانمان، بە واتایەکی تر پارە و پول هۆکارێکی بەڵێ تەنها هۆکارێکی گرنگن، بۆ بەدەست هێنانی مەبەست و ئامانجەکانمان ،چونکە چەندان کەسمان دیوە لە چڵە پۆپەی دەوڵەمەندی بووە کەچی خۆزگە بە هەژاری دەبات ، یان چەندان وڵاتی دەوڵەمەند لە داهات، بەڵام هەژار لە داهاتی ڕەوشت و بەها بەرزەکان توشی چەندان دەرد و مەینەتی و چەرمە سەری ژیان بوونە، باشە ئەگەر پارە و سامان ئەوەندە گرنگن بۆچی ناتوانن چارەسەری دەردە روحیەکان بکات، ئەوەتە یەکێك لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی (جون تیمبلیتون)ە دەڵێ : ئەگەر ئێمە لایەنی روحانی و دینداری و خوا پەرستیمان پشت گوێ خست ئەوا هەرگیزا و هەرگیز پارە و پول و دەوڵەمەندی بەختەوەر و ئاسوودەمان

ناکەن . چونکە خواناسی خۆشەویستیمان دەستەبەر دەکات و پەیوەندی نێوان تاکەکان بەهێز دەکات .

یان ئەوەتە لە سویسرا کە بە بەهەشتی سەر زەوی دەناسرێ ، کەچی بە پلەی یەکەم دێ کە زۆرترین خۆ کوشتنی تێدایە . بە پێی دوایین ڕاپۆرت دەرکەوتووە کە ڕێژەی خۆ کوشتن لە ژاپۆن لە بەرزبوونەوەدایە ، یان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سالأنە (١٣) ملیار (حەبی موسەکەن) بەکار دەهێنرێت ، باشە ئەگەر پارە و پول و سەرمایە بەختەوەری بهێنایە ؟ ئەو هەموو کارەساتە چین ؟

ب - ناوداری : ئەمەش پاڵنەرێکی ترە کە هەزارەها مرۆڤ گیرۆدەی بووە و خۆی و ژیانی کردۆتە قوربانی چەپڵە لێدان و وێنە لەگەڵ گرتن و ناوهێنان و .... هتد

بایەخی ئەم خاڵەش لەوەی پێشە خۆی زیاتر نیە، چونکە ئەگەر ناوداری باش بوایە ئەوە ئەوەندەی کەسە خراپەکان ناودارن و باسیان لێوە دەکرێ ،باشەکان هەر لە یاد کراون .

لێردوە ئەگەر تا ئێستا بۆ ناوبانگ کارت کردووە، ئێستا بڕیار بدە کە ئەو ئامانجە واز لێ بێنی چونکە دیارە لەو پاڵنەرەش بەرزتر هەیە، بفەرموو لە خاڵەکانی خوارەوە بیخوێنەوە .

به ئاگا بوون لە کات و بایەخ پێ دانی ، بەلأم بێ بونی ئامانج .... وەك لێدانی دارە بێ بزمار .

ج- حەزی پلە و پایە و دەسەڵات :

هتلر و ستالین و فیرعەون و ئەتاتورك و سەدام و ....هتد لەو کەسانە بوون خەون و خولیایان دەسەڵات بوو ، کەچی بە دەستیشیان هێنا بەڵام سەرەنجامی هەر کامێك لەمانە و هاو وێنەی ئەوانە بە کوێ گەیشتن . دڵنیام خۆت ئەزانی بۆیە باسی ناکەم . گەر ناشی زانی ڕوپەڕەکانی مێژوو هەڵدەوە ، بزانە کۆتاییان بە کوێ گەیشت . بۆیە نەکەی ئەو هەڵەیە بکەی کە پاڵنەری سەرەکیت لە ئامانجەکانت پلە و مەنصەب بێت .بەڵکو با ئەم خاڵەی خوارەوە بێت .

د - پاڵنەری بۆ خوا بوون و لە پێناوی خوا کارکردن :

بە ڕای من لە هەموو پاڵنەرەکانی تر بەهێز ترە، چونکە مرۆڤ پێویستی بە بەردەوامی و نەترسان و پشت قایمی و ... هتد هەیە بۆ گەیشتنە ئامانج ، دیارە ئەمەش لە بۆ خوا کردن پەیدا دەبێت ، واتە کاتەك تۆ نیەتت لە گەیشتنە ئامانجەکانت خوا ڕازی کردن بێت ئەوا خوای دروست کەری بونەوەر پێویستیەکانی تۆ دابین دەکات، هەر لە ئارامی دڵ و دەرون و نەهێشتنی ترسی نەگەیشتنە ئامانج و ...هتد هەمووی لە ناسینی خوا دەستەبەر دەکرێ .

دیارە ئەم بابەتە زۆری دەوێ هیوادارم بەم نوسینەوەیەم ئامانجەکەم پێکابێ .

ئاگادار بە :

﴿ تا پاڵنەر بەهێزتر بێت ، گەیشتنە ئامانج زوتر دەبێت ﴾

پلەکانی ئامانج

پێویستە هەموو هێز و توانات بۆ گەیشتن بە یەك ئامانج تەرخان بکەیت

کارل فون

Scanned by TapScanner

ئامانج سێ پلەی هەیە ، یان سێ جۆری هەیە ، کە ئێمە لێرە باسی یەکە یەکەیان دەکەین، بە شارەزابوون و تێگەیشتنیش لەم جۆرانەی ئامانج . ئەوا هەنگاو نانت بۆ بە ئامانج کردنی کارەکانت زیاتر دەبێت چونکە تا پرینسیپەکانی ئەو بابەتە بزانی گرنگی و گەورەی ئەویشت بۆ دەردەکەوێ .

فەرموو تۆ و ئەم سێ بەشە :

A- جۆری یەکەم لە ئامانج ، ئامانجی کورت خایەنە :

ئەم ئامانجە لەو ساتەی دیاری دەکەی تا ساڵێکە . واتە پێویستە تەمەنی ئەم جۆرە ئامانجە کە بە کورت خایەن ناو دەبرێت لە ساڵەك زیاتر نەبن .

نمونەی ئەم جۆرە ئامانجە . مۆڵەت وەرگرتنی هەفتەیەکە . یان گەشت کردنێکی چەند ڕۆژی ، یان پرۆژەیەکی کورتی یەك مانگی ، یان سێ مانگی یان... هتد .

B- جۆری دووەم ئامانجی مام ناوەندییە :

ئەمەش ماوەکەی لە ساڵێك بۆ پێنج ساڵ درێژ دەبێتەوە .

نمونەش بۆ ئەم جۆرە ئامانجە بە دەست هێنانی بڕوانامەیەکە ، یان کڕینی ئۆتۆمبێل یان کردنی خانویەك ، یان پێك هێنانی خێزان و .... هتد .

ئاگادار بە با لەم جۆرە ئامانجە بابەتی باش و کاری چاکی تێدا ئەنجام بدرێ چونکە ماوەیەکی چاکت لەبەر دەستە .

C-جۆری سێیەمیان بریتیە لە ئامانجە بەردەوامەکان :

ئەم جۆرەش پێویستە هەموو ژیانت بگرێتەوە یان بە شێوەیەکی تر با هەموو ئامانجە مامناوەندی و کورت خایەنەکان لە خزمەت ئەم جۆرە ئامانجە بێت .

نمونە : ئامانجت چیە لە ژیان ، یان مەبەستت چیە لە خێزان دروست کردن . یان بۆچی هاتوینە سەر زەوی .



سوودەکانی ئامانج

ئامانجە گەورەکان , کەسی گەورە
دروست دەکات

توماس فولەر

Scanned by TapScanner

خوێنەری سەنگین ئێستا باسی سوودەکانی ئامانج دەکەین ، ئامانج سوود و بەرهەمێکی یەکجار زۆری هەیە ، بەڵام تەنها ئەوانە هەست بەو سوود و قازانجە دەکەن کە خاوەن ئامانجن لە ژیان . سوودی ئامانجەکانیش هەر لایەنی ماددە ناگرێتەوە بەلکو لە لایەکی گیانیش هەست بە ئاسوودەیی دڵ و دەروون دەکات .

ئێمە لێرە باسی هەندێ لە بەرهەمەکانی ئامانج دانان دەکەین .

١) سوودی یەکەم : ئامانج دانان دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی بکەیت .

مرۆڤ کاتەك ئامانج و مەبەستی دیاری دەکات ، هەنگاو پێیان دەگات ، بڕوای بە خۆی زیاد دەبێت . هەست دەکات کە تەمەنی بێ هودە نەڕۆیود . لەو کاتە خۆشییەکی یەکجار زۆر ڕوو لە دڵ و دەروون دەکات .وەکو جورج برناردشۆ دەڵێ : ئاسوودەی راستەقینە ئەودیە کە مرۆڤ کار بۆ ئامانج و مەبەستەکی مەزن بکات ، نەك کەسێکی نەزان و خوود پەرست بێ و گلەیی ئەوە بکەیت کە دەور و بەر و جیهان خۆشیت بۆ ناهێنن ، واتە خۆشی خۆت دروستی دەکەی .

٢)سوودی دووەم : دروست بوونی متمانەیە بە خۆت .

کاتەك مرۆڤ لە دیاری کردن و گەیشتنە ئامانج سەر دەکەوێت ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك بڕوای بە تواناکانی خۆی هەبێت و هەوڵی زیاتر بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزتر ، چونکە بە دەست هێنانی

Scanned by TapScanner

ئامانجەك هەر چەند بچووك بێت كاریگەری دەبێت تا هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ گەیشتنی ئامانجی گەورەتر.

٣) سوودی سێیەم : ڕێك بوونی ژیان و كاری .

كاتەك تۆ بە شێوەیەكی چاك ئامانجت دیاری كردووە ، و نەخشەشت كێشاوە بۆی . ئەوە بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی شێوە ڕێك بوونەك لە ژیانت دەردەكەوێ ، ئەمە بۆ ئامانجەك وایە، ئەی ئەگەر سەر تاپای ژیان و كارت لەسەر بناغەی ئامانج ئەنجام بدرێت. بیركەوە چ ڕێك و پێكییەك ڕوو لە ژیانت دەدكات. دە تۆ تەنها بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ تاقی بكەوە جا بەرهەمەكەی دەبینی .

٤) سوودی چوارەم : بەهەدەر نەدانی كات .

یەك لە بەرهەمەكانی تری دانانی ئامانج بەهەدەر نەدانی تەمەن و كاتە . چونكە مرۆڤ گەر ئامانج لە كارەكانی هەبوو ، دوور دەكەوێتەوە لە هەڵە و بێ كاری . چونكە ئامانج پێویستی بە نەخشەیە دیارە نەخشەش هۆكارە بۆ كەم بوونەوەی گرفت و هەڵە . كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بێ كار دانەنیشیت بەڵكو خەم لەوە بخۆییت كە كەمترین كاتت بەبێ سوود بە فیڕۆ نەدەی . هەموو تەمەنت بۆ ئامانجەكانت تەرخان بكە .

بۆ ئەوەی مانایەك بە ژیانت ببەخشی
پێویستە لە سەرت ئامانجت هەبێت


بەشی دووەم
بۆچی خەلکی ئامانج دانانێن ؟
پێویستیەکانی ئامانج
هۆکارەکانی گەیشتنە ئامانج

بۆچی خەڵکی ئامانج دانانێن ؟

به گشتی جیهان ڕێگه بۆ کەسەك دەکاتەوه که دەزانێت بۆ کوێ ئەڕوات .

رالف والدو ئیمرسون

هۆکارەکانی دیاری نە کردنی ئامانج لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری خەلکی لەم بابەتە بۆت باس دەکرێت هەولدە بە باشی بیان خوێنیتەوە و تێیان بگەیت .

تا تۆی بەڕێز خۆتیان لێ بە دوور بگریت .

- **هۆکاری یەکەم** : کە بە ڕای من سەرەکی ترینیانە . ئەویش {نەبوونی زانیاری دەربارەی ئامانج}ە... چونکە تۆ گەر بزانی سوود و قازانج و گرنگی و بایەخی ئامانج چیە و زیانەکانی نەبوونی ئامانج چین هەرگیز ڕازی نابیت . تەنها کارێکی زۆر بچوکیش بەبێ ئامانج ئەنجام بدەیت . لێردوە موژدەی ئەوەت پێ ڕادەگەێنین ئەم پەرتووکە گەر بە تەواوی و بە باشی خوێندرایەوە و ... جێ بە جێ کرا ئەوا زانیاریەکی زۆر لە لات پەیدا دەبێت . دە فەرموو با بچینە خالی دووەم .

- **هۆکاری دووەم** : لە دیاری نەکردنی ئامانج (ترسە) .

ترس لە شکست لە کەوتن لە نەگەیشتن ، لە گالتە پێکردنی دەوروبەر ... هتد .

ئەمانە و زیاتریش لەمانە وا لە تاك دەکات ئامانج بۆ خۆی دیاری نەکات . لێرە پێویستە لەسەرت کە ترس لە یاد کەیت و هەولدە کارت تێ نەکات . ئەوەش بزانە تەنها مرۆڤی دانیشتوو شکست و کەوتن و ناخۆشی توش نابێت . ئەگینا سەرنەکەوتن و دەردەسەری و نەهامەتی کاتەك دروست دەبن کە تۆ دەست بە کار بکەیت . لێرە لەسەرتە لەم

دوو ڕێیانە یەکێکیان هەڵبژێریت . یان کار نەکردن و خۆ بە دەستەوە دان بۆ داهاتوویەکی نادیار . یان دەست بەکار بیت و پشت بە خوا هەنگاو نێیت هەروەك فرانك سناترا دەڵێ : (هەستەوە بەردەوامبە ئەوەیە ژیان) واتە نابێت ترس لە شکست و کەوتن هەبن . بەڵکو شکست و کەوتن بەشێکن لە ژیان . گەر کۆسپێکیش هاتە پێش هەوڵدە کارت تێ نەکات و دادنەنیشێنێت . بەڵکو با بەهێزت بکات .

- هۆکارێکی تر لە دیاری نەکردنی ئامانج ﴿ژینگە و دەوروبەرە﴾ .

خوێنەری سەنگین گەر دەورەبەر کە تۆ تێدا دەژیای ئاستی تێگەیشتن و زانیاریان بە شتە گرنگەکانی ژیان هەبوو کە یەکێك لەوانە دیاری کردن و هەبوونی ئامانجە ئەوا ئەو کات کار لە تۆش دەکات . بەڵام خوا نەخواستە ئەگەر بە پێچەوانە وانە بوو ، ئەوا ئەنجامەکەی پێچەوانە دەبێت . ئەم خاڵە هەندە ئاشکرایە کە پێویست بە ڕوون کردنەوەی پتر ناکات ،بەڵام ئاگاداری ئەوبە گەر تۆ بڕیارت داو کە بەبێ ئامانج بژی ئەوا ئەو کات دەوروبەر هیچ کاریگەریێکیان بەسەرت نامێنێ ، واتە کلیلەکە لەلای خۆتە نەکەی بێ هیوا بی گەر تا ئێستا ئەو دەوروبەرەی تێدا ژیای و دەژیت ئاستیان وەك پێویست نەبوو ، بەڵکو تۆ زانیاری کۆ کەرەوە و بیان گۆڕە ...

- بڕوا بە خۆ نەبوون هۆیەکی ترە کە ڕێگرە لە دیاری کردنی ئامانج .

کاتەك تاك گومان لە تواناکانی ، هەوڵەکانی ، کارەکانی ، زانیاری و ئاستی شارەزای خۆی هەبێ ، هەرگیز ناتوانێ خاوەن بڕیار و دیدگای خۆی بێ .کەسێکیش بەو شێوازە بێت ناتوانێ هەرگیز ئامانج بۆ خۆی دابنێت و پێیان بگات .

بڕوا بە خۆ بوونیش شتەك نی یە بفرۆشرێ و پێشکەش بکرێ بەڵکو پێویستە کە بابەت و زانیاری لەسەری کۆ بکرێتەوە تا لێی بە دوور بی واتە بڕوا بەخۆ نەبوون.

لە کۆتایی وتەیەکی جوان هەیە دەڵێ:

گەر خۆت بڕوات بە توانا و لێهاتووەکانی خۆت نی یە
چۆن خەڵك بڕوات پێ دەکات

پێویستە لە سەرت ئامانجێکت هەبێت , کە واتە لێ بکات بەیانیان زوو لە خەو هەستیت .

بیلی ویلدو .

پێویستیەکانی ئامانـج

سەرکەوتن پێویستی بە کەسێکە ،
خاوەن ئامانـج و پەیام بێت.

کلارنس تۆماس

Scanned by TapScanner

پێداویستیەکانی ئامانج . خۆی لە چەند خاڵەك بینیوەتەوە ، وە بە هەبوونی ئەم پێداویستیانە گەیشتنە ئامانجت ساناتر دەکات . بۆیە یەکە بە یەکەیان بە باشی بخوێنەوە و لە کاتی دانای ئامانجەکانت فەرامۆشیان مەکە .

I دیاری کردن:

لە باسی دیاری کردن بە نمونەیەك هەوڵدەدەین حاڵیت بکەین .

تۆ ئێستا وا دابنێ پۆلی شەشەمی وێژەیی یان زانستی .

گەر زانستی بووی پێویستە چەند شوێنەك دیاری دابنێیت کە لێیان وەرگیرێیت ،چونکە گەر گوتت دەچمە شوێنێکی بەرز ئەوە دیاری کردن نی یە و بە ئامانج دانانرێ ،چونکە شوێنی بەرز کوێ یە . لەسەرتە بە ناو هێنان دیاری بکەی ، لەوانەیە بڵێی من بە تەواوی ناتوانم کۆلیژەك دەست نیشان بکەم . ئەمە ڕاستە ، بەڵام دەتوانی سێ تا چوار کۆلێژ دیاری بکەی . پاش ئەوەی کۆلیژەکانت دیاری کرد و بە پێی توانات بە پێی زیرەکی و ئاستی خۆت خاڵ بەندیان بۆ بکە ، واتە بەم شێوەیە : من توانام لە نمرە هێنان لە نێوان ٧٠ تا ٨٥ باشە لەم چەند کۆلێژەی کە دیاریم کردووە کامەیان بە نمرەی ٧٠ وەرم دەگرێت بیخەرە خاڵی یەکەم ئەوەی دواتر بیخەرە خاڵی دووەم و بەم شێوەیە کۆتایی دێت . ئینجا سەیر کە کامە کۆلێژ لە هەموویان زیاتر لات خۆشترە هەوڵی زیاتر بدە تا دەگەی پێی .

(وه بۆ هەموو جۆرەکانی تری ئامانج دیاری کردنی تەواو زۆر گرنگە ، چونکە حەزی بێ کردار و دیاری کردن پیشەی نا سەرکەوتوانە).

II. نووسینەوە .

هەر دیاری کردن بەس نیە ، بەڵکو بینووسەوە لە دەفتەری ئامانجەکانت تا ڕۆژانە یان هەفتانە بەسەر ئامانجەکانت دا بێیتەوە و بە یادی خۆتیان بێنیتەوە ، چونکە بە نەنووسینەوەی ئامانج و دووبارە نە خوێندنەوەی بەردەوام لەیاد دەچێت و توانای نامێنێت . بۆیە هەر ئامانجێکت دیاری کرد پاشان ڕاستەوخۆ بینووسەوە ، ئاگادار بە نەکەی بیکەیتە کەم تەرخەمی نەی نووسیتەوە .

III. بیر لەو کەسانە بکەوە کە دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجەکانت یارمەتیت بدەن .

ئامانجی وا هەیە بۆ گەیشتن پێی پێویستی بە زیاتر لە کەسێکە . بۆیە هەوڵدە سوود لە هاریکاری و کۆمەکیان وەربگریت و هەردولا پاڵپشت بن بۆ یەکتر ، لەو ئامانجانەی بە تەنها کەسەک ئەنجام نادرێ پەروەردەکردنی منداڵە .

پاش خستن لە ناو بەری ئامانجەکانە کری ئاندیان

واتە کاتەك تۆ ئامانجتە منداڵەکەت پەروەردە بکەی ئەوا گەر ﴿دایکی یان باوك﴾ پێویستە ئەو ئامانجە بۆ {باوك یان دایك} ڕوون بکەیتەوە و بەیەکەوە هەوڵی گەیشتنی بدەن ، چونکە باوك و دایك خاوەنی منداڵەکانن ، نەك هی یەك کەس بێت . دیارە ئەرکی پەروەردە و بەخێو کردنیش دەکەوێتە سەر هەردوولا .

IIII. حەز : ناکرێ ونابێت ئامانجەك بۆخۆت دەست نیشان بکەی وکار بۆ گەیشتن پێ بکەی، بەڵام حەزت پێ نەبێت، چونکە داینەمۆی هەموو کارێك حەزو ئارەزوو لێ بوونە.

بۆیە هەوڵدە بە حەزەوە کار بۆ ئامانجەکانت بکەی .

IIIII. پروس..ڕاوێژ: ئەم خاڵە زۆر پێویستە چونکە وەك زیگ زیگلەر دەڵێ(پروس و ڕاوێژ ڕێ ی گەیشتنە ئامانج کورت وئاسان دەکەن)

پرس بکە بەو کەسانەی لەتۆ شارەزاترن. لەوکەسانەی بەر لە تۆ بەو ئامانجەی تۆ گەیشتوون ،مەبەستتە جگەرە وازبێنی پێویستە لەسەرت پرس بەو کەسانە بکەی کەتوانیویێتیان وازلە جگەرە کێشان بهێنن.

IIIIII. نابێت ئامانجەکان لەگەڵ یەك دژو پێچەوانە بن.

لەروون کردنەوەی ئەو خاڵە دەڵێین لەکاتی دیاری کردنی ئامانجەکانت با لەگەڵ یەك تێك نەگیرێن. واتە ئامانجەك نەبێتە بەربەست لەگەیشتنە ئامانجێکی .

Scanned by TapScanner

IIIIIII . دیاری کردنی کات بۆ گەیشتن بەئامانج .

پێویستە بۆ هەندێ ئامانج کات دیاری بکرێت ، واتە کاتەک دەتەوێ ئۆتۆمبێل بکڕیت گرنگە لە کاتی نووسینی ئەو ئامانجە بەو شێوەیە دەست نیشان بکرێت . ((دەمەوێ لە ساڵی ٢٠١٠ ببمە خاوەن ئۆتۆمبێل)) نەك بنووسرێ دەمەوێ ببم بە خاوەن ئەو ئامانجە ، چونکە ئەوا کاتێکی بۆ دیاری نەکراوە . لەو کاتەش لەوانەیە توشی تەمبەڵی یان لەبیر چوون یان ... هتد ببیت و نەگەی بە ئاواتەکەت . بۆیە وەك دکتۆر فیلیب سی ماکجرو دەڵێ :

﴿کاتەك دەگەیتە ئامانجەکانت کە کاتێکی دیاری کراوی هەبێت و پابەند بووی پێی﴾ .

> هیوای مەزن گەلی مەزن دروست دەکات
>
> توماس فولەر

هۆکارەکانی

گەیشتن بە ئامانج

ئەو دڵەی هیوای تێدا نییە دڵێکی شکاوە

تۆماس فولەر

Scanned by TapScanner

ئەو خالانەی لە ژێر ئەو بابەتەش دەخوێنیتەوە زۆر گرنگن هەوڵدە بە تێگەیشتن جێ بەجێ کردن لەگەڵی بڕۆی و سارد نەبیتەوە ، چونکە ئەوە بزانە بە جێ بەجێ کردنی خاڵەکانی ناو ئەم پەرتووکە تۆ دەبیتە سێ لە سەدای خەڵکی سەر زەوی کە خاوەن ئامانجن و کاری بۆ دەکەن .
جا پیرۆزە و بەردەوام بە

بڕوا بە خۆ بوون :

بۆ گەیشتن بە ئامانج و بگرە هەموو کارێك پێویستی بەو خاڵەی سەرەوە هەیە ، کاتێك تۆ متمانەت بە توانای خۆت نەبی چۆن دەتوانی هەنگاو بهاوی ، یا ڕێگرەکان نەهێڵن یان بە سەر ڕەخنەکانی دەور و بەر سەرکەوتوو ببیت ، بڕوا بە خود وا لە مرۆڤ دەکات ناخۆشی و ژان و ناسۆریەکانی لا بچوك بن ، بەڵکو مرۆڤی خاوەن بڕوا بەخود ئازەرەکان دەکاتە هۆکارەك بۆ خۆ بەرزکردنەوە و گەیشتنە لوتکە ، نوك ببێتە هۆی داتەپینی .

بۆیە لێرە پێویستە گەر لەم خاڵە لاوازی بە خوێندنەوە و زانیاری و هەوڵ و کۆششی بێ هێزی متمانە بە خۆ بوون بگۆڕین بۆ بە هێز بوونی متمانە بە خۆ بوون . چونکە ئامانج پەکی لە سەر ئەم خاڵە کەوتووە ، چەندان کەس ئامانجی بەرز بەرزیان بۆ خۆیان دەست نیشان کرد بەلام هەر لە یەکەم شکست و کەوتن پاشەکشەیان کرد و وازیان هێنا چونکە متمانەیان بە توانای خۆیان نەبوو کە زاڵ بن بە سەر ناخۆشیەکان .

Scanned by TapScanner

جێ بەجێ کردن :

کاتـەك ئامانجەکـەت دەسـت نیـشان کـرد و بڕیـارت لـە سـەری دا . ئـەوا پێویستە لە سەرت بـێ دوو دڵـی و وەسـتان دەسـت بـە جـێ بـەجێ کـردن بکەیت چونکە وەك د. صلاح الراشد دەڵێت : (جیاوازی خاوەن ئامـانـج و بێ ئامانـج جێ بەجێ کردنە) ئەوەش بزانـە سـەرەتای هـەموو جێبـەجێ کردنەك ناخۆش و گران دەردەکەوێت بـەڵام بـە پـشوو درێـژی و مانـەوت لـە سـەر جـێ بـەجێ کـردن ئەمـەش ناهێڵێـت . بـەڵکو تـام و چـێژی لێ وەردەگرێت .

پابەند بوون : واتە پابەند بە بەبڕیار ونەخشەو کاتی گەیشتنی ئامانـج.

Scanned by TapScanner

بلاوی مەکەوە

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ(کارەکانتان بە نهێنی بهێڵنەوە) . لە سەر

ئامانجەکانت شاراوە بن لە بەر دوو هۆ:

١. کاتەك بلاو دەبنەوە کە تۆ بە تەمای ئەوکاردیەت و کەسانێ ناحەزتن لەوانەیە هەستن بە ڕێگری لە بەر دەم هەوڵەکانت دروست بکەن . تا نەهێڵن بە ئامانجەکانت بگەی .

٢. یان کەسی وا هەن نەزانن یا شارەزاییان نییە لەو بوارە و ب قسەکانیان ساردت ئەکەنەوە لەوانەیە گاڵتەت پێ بکەن بە مەر نەرمت دەکەنەوە لە هەوڵەکانت بۆ گەیشتنە ئامانجەکانت .

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تەنها خۆت بزانی و بەس . نا چونکە ئامانجی وا هەیە بە تەنیا ناتوانی بیکەیت ، یا پێویستیت بە پرس و ڕاوێژ کردن هەیە . کەواتە کورتەی قسان ئەوەیە بە پێی پێویست و لە کەسی پێویست بیدرکێنە و بە ئەمانەت باسی ئامانجەکەی خۆتی بۆ بکە . ئەم خاڵە زۆر گرنگە فەرامۆشی مەکە .

> گەر خۆت ڕێگا بۆ خۆت دروست نەکەیت
> خەڵك بۆت دروست ناکات
>
> فیصل باشراحیل

بەشی سێیەم

- ئەو هۆیانەی کە ڕێگرن لە گەیشتن بە ئامانج
- پایەکانی ئامانج
- خەسڵەتەکانی ئامانج

Scanned by TapScanner

بۆچی ناگەینە ئامانج ؟

له هیلین کلیویان پرسی :-
ئایا خراپترین شت چی یه
به سه‌ر مرۆڤ بێت له
وەڵامدا ووتی : گەر مرۆڤ
چاوی هەبێت بەڵام
ئامانجی نەبێت.

Scanned by TapScanner

لێرە ئەم هۆیانە باس دەکەین کە دەبنە بەربەست لە گەیشتن بە مەبەستەکانمان .

ئەوەی گرینگە بیڵێم لەو پێشەکیە ئەوەیە کە ئێمە لە باس کردنی بەربەستەکان باسی خاڵە گرنگەکان و بەربلاوەکانمان کردبێت لەوانەیە رێگری تر هەبن بەلام ئەو گرنگەیان نەبێت ، بۆ زانیاریتان .

١- هاورێ و دۆست

ئاگداربە هاورێ و هەڤاڵ کاریگەریەکی زۆر سەیریان هەیە بە سەرت چ بە خراپ چ بە چاك ، بۆیە هەوڵدە بە لیستی دۆستەکانت دا بچیتەوە و هەوڵدە خۆت بە دوور بگری لە هاورێ ی ناباش .

چونکە کە تۆ خاوەن ئامانج بیت برادەری ناباش دەبێتە هۆی سارد کردنەوەت ...هتد . بۆیە ئێستا ئەم خاڵە جێ بەجێ بکە و مەیخەرە کاتێکی تر .

٢- پەلە کردن

ئەمەش هۆیەکی ترە لەو هۆیانەی کەدەبنە ئاستەنگ لەگەیشتن بەئامانجەکانت. کارکردن بۆئامانجەکەت پشوو درێژی ئەوێ. بۆیە پەلە مەکە .پەلەکردن هۆکارێکی دیارە بۆ لەناو بردنی زۆربەی هیوایەت ومەبەستەکانمان.

Scanned by TapScanner

خۆت بە دوور بگرە لەم خەسڵەتە تاکو بەئامانجەکانت بگەیت. لێرە مەبەستمان لەپەلەکردن ئەوەیە بەر لەتەواو بونی کار داوای بەرهەم بکەیت، وەك وتراوە بەرلەگەیینی میوە لێی مەکەوە چونکە سوودی نابێت. ئێمە لێرە واز لەشرۆڤەی ئەم خاڵە دەهێنین چونکە پێمان وایە ئەوەندە ڕوونە لەوانەیە ئەم ڕونکردنەوەشی لێ زیاد بێ.

٣- دابەش نەکردن

پێویستە کاتەك ئامانجەکی گەورە بۆخۆمان دیاری دەکەین دابەشی بکەین بۆچەند قۆناغ وبەشێك. چونکە ئامانجی گەورە توانای زۆر دەوێ ئەگەر کەم کەم کاری بۆ نەکەین و هەنگاو بۆی نەچین لەوانەیە لەنیوەی ڕێگا بمانکەوێنێ. بۆ نمونە :ئامانجت قورئان ئەزبەر بکەیت. ئەگەر بڕیار بدەی ئەو کارە بە مانگێك یان سێ مانگ بە ئامانج بگەینی ئەوە ناتوانی هەرچەند هەرچەند حەزت لێ ی بێ وهەوڵی بۆ بدەی چونکە کارەکە لەتوانا بەدەرە.

بەڵام ئەگەر هاتوو دابەشت کرد بۆ سێ قۆناغ هەر قۆناغێ بۆ ساڵێ هەرساڵێ بۆ دە جزو وەهەرمانگێك جزوەك ئەوە کارەکە زۆر سانا دەبێت و ئاسانتر لە جاران دێتە بەر چاو .

٤- خاڵی کۆتایی بەردەوام نەبوون :

دەردێکە زۆربەی خەڵکی هەیانە ، ئەویش بەردەوام نەبوون لەکار و کۆششکردن بۆ گەیشتنە ئامانج . لەوانەیە مانگێک یان ساڵێك لە کارکردن چالاك بین بەڵام ئەگەر هاتوو بەردەوام نەبووین تا ئەنجام ئەوە هەر زیانمان بۆ ئەمینێتەوە . بۆیە با خەسڵەتی بەردەوامی لە کارەکانت ، ئامانجەکانت هەبێت . نەکەی بێ ئەم خەسڵەتە ئامانج دەست نیشان بکەی .

ویستی سەرکەوتوان لە سەر ئامانجەکانیان جێگیرە ، بەڵام هی کەسانی شکست خواردوو وەکو قیبلەنمای تێکچوو بە هەموو لایەك دا دەڕوات .

پایەکانی ئامانج

بە بەردەوامی هەبوونی ئامانج
هۆکارێکی سەرەکی بەختەوەرییە

Scanned by TapScanner

ئامانج چوار پایەی هەیە ، کە پێویستە بۆ هەر کەسەك کە ئامانج دادەنێت ئەمانەن :-

پایەی یەکەم / صبر (ئارام) گرتنە : پێویستە لەسەر خاوەن ئامانج ئارام بگری لەسەر ئەو تەگەر و ڕێگر و ناخۆشیانەی کە لە ئەنجامی دانان و جێبەجێ کردنی ئامانجەکە دێتە پێشی . چونکە هیچ کارێکی مرۆڤ بێ دەردە سەری و ناخۆشی نی یە . بە تایبەت بۆ کەسەك کە سەرەتایە لە ئامانج دانان و جێبەجێ کردن ، ڕەچاو کردنی ئەم خاڵەش زۆر زۆر پێویستە چونکە چەندان کەس بەبێ گوێدانە ناخۆشیەکانی ئامانج هەستاون ئامانج گەلێکیان بۆ خۆیان دیاری کردووە ، کەچی هەر لە سەرەتای دەست پێ کردن و لەگەڵ هاتنە پێشەوەی چەند لەمپەرێك خاوەن ئامانج کشاوەتە دواوە و دەستی لە ئامانجەکەی بەرداوە .

پایەی دووەم / بوونی زانیاریەکی تەواو لەسەر ئامانجەکە :

خوێنەری سەنگین پێویستە ئەوە بزانی کە کاتەك دەتەوێ کارەك بە ئەنجام بەگەێنی و وەك ئامانج دەست نیشانی بکەی لەسەرتە هەموو لایەرەکانی ئەم کارە بە چاکی و زۆر بە باشی بزانی ، پێویستیەکان ، ڕێگرەکان ، ئەرکەکان ..... هتد . دەست نیشان بکەی ئینجا بڕیار بدەی ، وەك ئەوەی کەسەك ئامانجیەتی فێری زمانی ئینگلیزی بێت پێویستە لەسەری هەموو لایەنەکانی ئەم ئامانجە دەست نیشانبکات . وەك بنەماکانی ئەو زمانە چین ، لە چەند بەش پێك هاتووە ، چەندی پێویستە ، ڕێگرەکانی فێربوونی ئەم زمانە چی یە ،.... هتد لێرەوە

Scanned by TapScanner

دەڵێم نەکەی بەڵێ نەکەی هەتاکو بە تەواوی لە هەموو لایەکی ئامانجە شارەزا نەبیت دیاری مەکە .

<u>پایەی سێیەم / واقیعی بێت :</u>

ئامانجمە بچمە سەر مانگ دیارە ئەمە لەو وڵاتەی ئێمە جارێ خەیاڵە . یان دەمەوێ بە ٥ساڵ (٥) ملیار کۆکەمەوە یان ..... هتد . ئەمانەی سەرێ و نموونەی ئەمانە پێیان دەڵێن ئامانجی خەیاڵی . یان ئامانجی نەهاتنەدی ، بۆیە خۆتیان لێ بە دوور بگرە ، بەڵکو ئامانجێك دیاری بکە کە بتوانرێ لەو ماوەی کە دیاریت کردووە یان لەگەڵ ئەو توانایەی هەتە بگونجێ بە پێچەوانە نەبێت .

<u>پایەی چوارەم / نەخشە دانان :</u>

بۆ هەر ئامانجەك نەخشەك پێویستە ، بۆیە هەوڵدە لە کاتی ئامانج دانان و بڕیار دان نەخشەیەکیش هەبێت بۆ جێبەجێ کردن . چونکە وەك گوتراوە جیاوازی نێوان کەسی سەرکەوتوو و شکست خوارد و نەخشە دانانە .

چونکە کەسی شکست خواردو و ئامانجەکانی هەر لە بازنەی قسە ئەمێنێتەوە . ..... بە پێچەوانە کەسەك کرداری بێت پاش ئامانج دیاری کردن نەخشەی .... دەکێشێت .

پێویستە نەخشەش ڕوون بێت ، بنوسرێت . ماوە ماوە یان ڕۆژانە بەسەر نەخشەکە دا بچێتەوە و بە بیر خۆتیان بهێنیەوە .

> گەر نەزانی بۆ کوێ دەچیت ، دەبێت چ ڕێگایەك بتگەیەنێتە جێگاکە
>
> تۆماس کارلیل

خەسڵەتەکانی

ئامانجی چاك

گەر نەزانی چیت ئەوێ ،
هەرگیز ناگەی بەوەی ئەتەوێ ،
چونکە لە بنچینە نازانی چیت
ئەوێ

د.صلاح صالح

گەر دەتەوێ ببیتە خاوەن باشترین ئامانج و مەبەست ، لەسەرتە ئەم خاڵانەی خوارەوە یەکە بە یەکە جیچبەجێ بکەی و هیچ کامیان پشت گوێ نەخەی وەکو گوتیشمان ئەم پەرتووکە بۆ جێبەجێ کردنە نەك تەنها خوێندنەوە ...

با لە ئامانج دانان تەنها گەیشتنە ڕەزامەندی خوا بێت .

دروست کەری بوونەوەر و ژێنەر و بژێو دەری بوونەوەر و پەرستراوی ڕاستەقینە (خوا)یە بۆیە لەسەر تە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ڕەزامەندی (خوا) بدەیت ، لە دیاری کردنی هەر ئامانجەك پێویستە لەسەرت پرسیار لە خۆت بکەی ئایا ئەو ئامانجە بە پێی شەرعی خوایە یان نا ، گەر بە پێی شەرع بوو ناوی خوای لێ بێنە و هەستە بە جێبەجێ کردنی . گەر بە پێچەوانە لادان بوو لە شەرع ئەوا بەبێ دوو دڵی وازی لێ بێنە چونکە سەرفراز و سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە هەر کارێکی کرد وەڵامی دروستی بۆ ڕۆژی لێ پرسینەوە لی لابێت . دیارە بەو پێیەش هەموو ئامانجەکانت دەچنە بازنەی پەرستنی خواوە ، هەروەك پێغەمبەر (ص) دەفەرموێ {هەموو کار و کردەوەیەك بە نیەتە} و ئەوەش بزانە کە ئامانجی خوا لە دروست کردنی بەندەکان پەرستنی (خوایە) بە تاك و تەنها . لەوانەیە بڵێن ئەم خاڵە زۆر گرانە و هیچی بۆ حەز و ئارەزومان نەهێشتۆتەوە لە وەڵام دەڵێن بە پێچەوانەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێگای لە حەز ە ڕێگا پێدراوەکان نەگرتووە . بەڵکو تەنها پێویستە لەسەرمان لە ئەنجام دانی هەر کارەك سەیری ﴿نیەت﴾ دڵ و

دەروونمان بکەین . بۆ زیاتر روون کردنەوە ئەم چەند نموونەیە دەهێنینەوە .

دەتەوێ بڕوانامەیەکی بەرز بەدەست بهێنی با نیەتت لەو کارەت ناوداری و پارە و پلە و پایە نەبێت بەڵکو نیەتت یەکەمجار ڕەزامەندی خوا بێت. یان دەتەوێ خێزان دروست کەی با نیەتت تەنها تێر کردنی ئارەزووەکان نەبێت بەڵکو با مەبەستت جێبەجێ کردنی فەرمانەکی خوا بێ کە پێکەوە نانی خێزانە ، یان دەتەوێ گەشت و گوزار بکەی با مەبەست و ئامانجت تەنها للەزتی کاتی نەبێت بەڵکو با ئەوەت لە خەیاڵ بێت کە گەشت و گوزار بۆ دیتنی گەورەیی و مەزنی خوا بێت و ببێتە هۆی پەند وەرگرتن لە دروست کراوەکانی خوا ...

عەقلە گەورەکان ئامانج و پەیامیان هەیە ، بەڵام عەقلە بچوکەکان تەنها حەز و ئارەزوویان هەیە.

- به پێی توانات بێ :

بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە ، پەندێکی کوردی زۆر جوانە واتای ئەو پەندە ئەوەیە هەر کەسێك لە توانای خۆی کارێك بکات تێیدا سەرکەوتوو دەبێت .

لە ئامانج دانانیش هەر وایە پێویستە لەسەرت کە بەپێی توانای جەستەیی و ماددی و روحیت ئامانج دابنێیت ، بە واتایەکی تر لەسەرت پێویستە لە بازنەی خەیاڵ بچیتە دەرێ و لە دونیای واقیع کار بکەیت و ڕاست گۆبە لەگەڵ خۆت .

لە شانۆی {هاملت} شکسپیر دەڵێت (لەگەڵ خۆت ڕاستگۆبە ، چونکە هەر کەسێك لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ بوو ناتوانێ لەگەڵ خەلکی درۆ بکات) توناکانی خۆت ببینەوە و بە پێی توانات کار بکە بەلام نەکەی فێل لە خۆت بکەی چونکە بەڕاستی مرۆڤ توانایەکی یەکجار زۆری هەیە، ئەوەتە (بیتهوفن) {گوێ گرانیەکەی} نەبووە هۆی وەستانی بەلکو یەکێکە لە مەزنترین مۆسیقا ژەنەکانی جیهان . یان ڕۆزفێڵت کە بە دەردی شەلەلی منداڵان دەیناڵاند ڕێگر نەبوو لە گەیشتنە ئامانجەکان و دۆزینەوەی توناکانی بەلکو بووە یەکێك لە خۆشەویست ترین سەرۆکەکانی ئەمریکا .

تۆش بە بوونی گرفتەك و کێشەیەك و زیانێك کە بە توانا و کارەکانت دەکەوێ نەکەی دەست بەردەی ، گوتراویشە کەسە سەرکەوتووەکان لە کێشە و گرفتەك دەرفەت دەدۆزنەوە . بە پێچەوانەی کەسە بێ توانا و

(فاشله)كان كه له هەر دەرفەت و هەلكەوتنێك بەهانە و بیانوێك

دەدۆزنەوە ، بۆیە بە پێی توانات ئامانج دیاری بکە .

- بێ زیان بێت :

چ سوودەكی هەیە گەر گەیشتیە ئامانج، بەلام ئەم ئامانجەت زیانی

هەبوو بۆ لەشت ، یان چ سوودەكی دەبێ گەر ئمانجەكت دانا و زیانی بۆ

دەوروبەر هەبوو . وەك ئامانجی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی و ئەو

هەموو چەكە قورسە چی یە لە کاتێك دا ڕۆژانە هەزاران مرۆڤ لە

برسان دەمرن ، یان ئامانجی دروست کردنی کارگەیەك چ سوودی دەبێت

كە زیان بە ژینگە بگەیەنێت . تۆش خۆت دوور بگرە لە هەر ئامانجەك

كە زیان بە تاك و دەوربەر و جیهان بگەیەنێت .

هەر کاتەك ئامانجت وەستا کاتی

مردنت دێ..

ئیما جولدمان

گەر نەگەیشتیتە ئامانج ؟

بەڵێ خوێنەر دەزانم ئێستا ئەو پرسیارەت لەلا دروست بووە .

بۆیە لێرەوە وەڵامی ئەم پرسیارەش دەدەینەوە بەم خاڵانەی خوارەوە ...

١) سوپاس گوزار بە واتە گەر پاڵنەری ئامانجەکەت گەیشتن بوو بە ڕەزامەندی پەروەردگار . ئەوا تۆ لە دوو پاداشت یەکت هەر دەست دەکەوێت ، واتە گەر ئامانجت دانا و مەبەستت لەو ئامانجە گەیشتن بوو بە ڕەزامەندی خوای پەروەردگار ئەوا خوا پاداشت لەسەر (نیەت) دەداتەوە بەندەی . واتە جا با نەگەیشتبیتە ئامانج تۆ هەر پاداشت دەدرێیتەوە .

وەك ئەم نموونەیە : ئامانجتە گەر دەوڵەمەند بی مزگەوتەك دروست بکەی ، پاشان دەوڵەمەند بووت هەوڵت دا ئامانجەکەت جێبەجێ بکەی بەلام تەگەرەت هاتە پێش نەتتوانی ئەنجامی بدەی، تۆ هیچ نیگەران مەبە پاداشتی خۆت لەسەر نیەتەکەت وەرگرتووە ،گەر خوا حەز بکات.

Scanned by TapScanner

٢) دووبارە کردنەوە

دەڵـێن ئەدیـسون ١٠٠٠ دانــە جــار شکـستی هێنـاوە تـا گەیـشتووەتە ئامانجەکەی کە دروست کردنی {گڵۆپ} بوو .

هەروەها سەیری منداڵ بکە تا بەسەر پێیان ئەکەوێ و ئـەڕوات ، چەند جار ئەکـەوێت ، بـەڵام ئـەو لەگـەڵ هـەر کەوتنـەك بڕیـاری هەسـتانەوە دەدات بۆ جارێکی تر .

تـۆش بـە جارێـك و دووان و سـێ کـەوتن واز مەهێنــە ، بـەڵکو سـوود لـە هەڵەکانت وەربگرە و بیکە هۆکارەك بۆ گەیشتنە ئامانج .

نەك پاشەکشە کردن و واز هێنان ....

چونکە شکـستی ڕاسـتەقینە لـە سـارد بوونـەوە و دەسـت بەردانـە لـە ئامانجەکان.

٣) دەردەکە بدۆزەوە :

ناونیشانەکە ڕوونە و پێویستی بە زۆر نووسین نیە . هەر کەوتنەك هـەر ناخۆشیەك یان ....هتد

دێتـە پێـشت و دەبێتـە هـۆی نەگەیـشتنت بـە ئامـانج چارەیەکی هەیـە .

بۆیە هەوڵدە دەردەکە بدۆزیتەوە چارە ئاسانە .

Scanned by TapScanner

٤) گوێ له رەخنه مەگره :

رەخنه تا ئەو کاته باشه که له دەمێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ دەربچێت . بۆیه هێنده بایەخ به رەخنه بده که ئەم دوو خەسڵەتەی تێدا بێت گەر وا نەبێت له زبڵ دانی گوێ پێ نەدان فرێ دەو له کارەکانت بەردەوام به کەس له پێغەمبەران ڕاستگۆ ترو دڵسۆز ترو پاکتر لەسەر زەوی نەبووینه . جا ئەوان تانەو تەشەر و رەخنەیان لێ گیراوه لەسەر کارەکانیان من و تۆیەك چۆن ... بۆیه رەخنه رەخنه له بیرکه و بایەخی پێ مەده ..

هەر ئەوەنده بەس نییه که ئامانج بۆ خۆت دیاری بکەیت , بەڵکو پێویسته ئامانجەکه جێ بەجێ بکەیت.

پەندێکی ئیتاڵیه

هەندێ چیرۆکی ڕاستەقینە

دەربارەی ئامانج

- مالیزیا و ئامانجەکەیان :
- پاشای ئەندەلوس و ئامانجەکەی
- چیرۆکی سەرکەوتنی دایۆ
- کۆمپانیای هیتاشی HITACHI و ئامانجەکەی

Scanned by TapScanner

مالیزیا و ئامانجەکەیان :

مالیزیا یەکێك بوو لە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهانی سێ یەم ،بەڵام دڵسۆزانی ولات هەستان بە دانانی ئامانجێك کە ماوەکەی دە ساڵ بوو، ئامانجەکەش بریتی بوو لەوەی مالیزیا ببێتە ولاتێکی پیشەسازی کە ساڵی ١٩٨٥ - 1995 بەڵێ وڵاتی مالیزیا بوو بە یەکێك لە وڵاتە پیشەسازیەکانی جیهان وە توانیان بە شێوەیەك ڕێژەی گەشەکردن لە سەرەتای دیاری کردنی ئامانجەکە بۆ ٢،١٪ بەرزتربۆوە تا گەیشتە ٥٪ بەردەوام بوو تا گەیشتە ٨٪ و گەشەکردن بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٩٥ . دیارە ئەم گەشەکردنەش بە گەورەترین گەشەسەندن دەناسرێت لە جیهان .

بەمەش نەوەستان ساڵەك بەر لە کۆتایی هاتنی ئامانجی یەکەمیان ئامانجەکی تریان دیاری کرد کە ...... گەیاندنی مالیزیا بە وڵاتانی یەکەم . چونکە تا ئێستا بە وڵاتی جیهانی دووەم ناو دەبرێت .

Scanned by TapScanner

پاشای ئەندەلوس و ئامانجەکەی ....

دەگێڕنەوە کەسێك هەبوو ناوی (مرۆان مار) بوو کە خەڵکی دەگواستەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ، ڕۆژەك ئەو کەسە لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆی دادەنیشێت و پێیان دەڵێت دەکرێت هەر کەسە ئامانجی خۆی بڵێت .

ئەوانیش دەڵێن تۆ یەکەمجار مەبەستی خۆت بڵێ ، ئەویش بەبێ دوو دڵی و ترس و شەرم و بە بڕوا و متمانەیەکی زۆر بە خۆی لە وەڵان دا دەڵێت ئامانجمە ببمە «ئەندەلوس» هاوڕێکانی لە پڕمەی پێکەنینیان داو هاوڕێ ی یەکەمیان گوتی گەر تۆ بەو ئامانجەت گەشتی من بکە بە گەوردەی {حمار} دکان . ئەوی دووەمیان گوتی منیش لە پشت سواری گوێ درێژەك بکە و لەناو خەڵك بمگێڕە و با گەڵتەم پێ بکەن دیارە ئەو دوو هاوڕێ یە متمانەیان بە گەیشتنی ئەو هاوڕێ یەیان نەبوو بە ئامانجەکە و گاڵتەیان پێی کرد.[1]

بەڵام ڕۆژان هات و ڕۆژان ڕۆیی {مروان} پەیوەندی بە ڕیزەکانی پۆلیس کرد و مەشق و ڕاهێنانی دەست پێ کرد و پلە پلە بەرز دەبۆوە تا بووە سەرۆکی پۆلیسان و پاشان بووە بەڕێوەبەر و پاشان چەند پلەیەکی تری بڕی . بەڵام ئەو هەر ئامانجەکەی لە بیر بوو ، بۆیە هەندەی نەبرد بووە والی ئەندەلوس ، پاش وەرگرتنی ئەو پۆستە و دەست بەکار بوونی و هاتنە دی ئامانجەکەی ، بانگی هەردوو هاورێ کۆنەکەی خۆی کرد و ئەوان چی یان بە ئامانج دانابوو وای لێ

---

[1] بەو کەسەیان دەگوت کە بە کرێ خەڵکیان دەگوازتەوە .

هی کەسی یەکەم کردیە بەرپرسی ﴿حەمارەکان﴾ و هی دووەمیشی خۆت کردن . تەواوی بکە ، پێ ی پێبکەنە .

خوێنەری خۆشەویست سەیرکە و بزانە ئامانج چەند لە ژیان دەگۆڕێت.

جولەکە و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان :

لە وڵاتی سویسرا سەرکردەکانی جولەکەکانی جیهان کۆبوونەوە بەسەر پەرشتی (هرتزل) لە ساڵی ١٨٩٧ ئامانجەکیان دانا کە لە سەد ساڵی داهاتوو دەبێت دەوڵەتەك بۆ جولەکە دابمەزرێنن ، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٤٩ کە نەگەیشتە ئەو ماوەیەش بە مەبەستەکەیان گەیشتن . بیر کەوە ... لێ ڕابمێنێ ... بزانە کاریگەری ئامانج چەند گرینگە ... دیارە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە و گەیشتن بەو ئامانجە کارێکی سانا و ئاسان نەبوو ... بەڵکو ناخۆشی و ڕێگری و دەردە سەریەکی زۆریان هاتەڕێ و زۆر ماندوو بوون و نارەحەتی یان تووش بوو . بەڵام ئەمان لە ئامانج و نەخشەکەیان پاشگەز نەبوونەوە ، بۆیە لە ئەنجام دا بەو مەبەستەی خۆیان شاد بوون .

چیرۆکی سەرکەوتنی دایۆ DAEWOO

مانای ووشەی دایوو واتە (گەردوونی مەزن) دامەزرێنەرەکەی (کیم و شونغ) ە کە لە ١٩-١٢-١٩٣٦ . لە دایك بووە لە وولاتی کۆریا کە هەلگری بەکالۆریۆسە لە ئابووری لە زانکۆی (یونسی) لە سالی ١٩٦٠ .

سەرەتا (کیم) لەگەلّ هاوڕێیەکی خۆی کە ناوی (توو دای دو) بوو ، کۆمپانیایەکی بچوکی جل و بەرگی دانا بە ناوی : DAEWOO INDUSTRIAL LIMITED CO. LTD

کە پێك هاتبوو لە پێنچ کارمەند و بە دەهەزار دۆلار دەستیان بە کار کرد کە ئەو برە پارەیەش بە قەرز وەریان گرتبوو .

پاش ماوەیەك (کیم) بەشەکەی (توو دای) شی کرییەوە بەمشێوەیەش بووە خاوەن کۆمپانیا بە شێوەیەکی سەربەخۆ .

((کیم) ئامانجییەتی کۆمپانیایەکەی بێتە ڕێز ئەو دە کۆمپانیا یەکەمانەی مبواری ئۆتۆمۆبیل)

کیم بە هۆی ئەو ئامانجە گەورەیە دەستی بە کارکردن کرد هەولّ و کۆششەکی زۆری دەدا .

دایوو لە بواری بیناسازی و ئەندازیاری دەستی بە کارکردن کرد . لە ژێر ئەو پەرستنە ئابوورییەی کە کۆریا بە خۆی دیت .

کۆمپانیای دایوو لە سالی ١٩٧٠ گەشەی کرد تا چووە بواری کیمیاوی و لە سالانی هەشتاکان فراوانی بە خۆی دیت و بواری ئۆتۆمۆبیل و گەیاندنیشی گرتەوە .

(کیم) ئامانجەکەی لە بیر بۆیە ماندووبوونی نەدەناسی و هەولێکی زۆری دەدا .

پاش ئەوەی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پترۆلّ بازاڕی گەرم بوو ، بۆیە لە وولاتی لیبیا گرێبەستی زۆر گرانبەهای مۆرکردکە چەندان ملیار دۆلار بوو .

Scanned by TapScanner

پاش ئەوەی لەلایەن سەرۆکی کۆریا داوای لێ کرد بێتە ناو بواری دروست کردنی ئۆتۆمۆبیل .

دایوو و خاوەنەکەی ئێستاش لە گەشەکردنی بەردەوام دان و خاوەنەکەی لە هەموو کات ئێستا ئامانجەکەی لە بیرە و کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی دەکات .

دایوو کە تەنها بە سەد دۆلاری قەرز دروست بوو . ئێستا خاوەنی (٢٦٥٠٠٠) کارمەندە . بەم شێوەیە (کی و وشونخ) چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی گێڕایەوە

کۆمپانیای هیتاشی HITACHI وئامانجەکەی



ئامانج چەند گەورە بێت بەرهەمەکەی گەورە و زۆر دەبێت

لەوانەیە زۆرمان ناوی دیاری کۆمپانیای هیتاشیمان بەر گوێ کەوتبێت چ ماڵێك هەیە بەرهەمێکی ئەم کۆمپانیا زەبەلاحەی نەبێت ؟

کۆمپانیای HITACHI بە یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان دەژمێردرێت لە بواری (ئەلیکترۆنیات) چۆن وا نابێت کە شوێنی سەرهەڵدان و دروست بوونی یابان بێت . بە پلەی دووەم دێت لە بواری WORKTATIONS،MAIN FRAMES و لە چەندان بواری تر ، بەڵام با بزانین سەرەتای دروست بوونی و چۆن بووە و کەی بووە؟

هیتاشی ووشەیەکی یابانییە واتاکەی (الشمس الشارقه) ڕۆژی پرشنگدار . لە بازاڕە پڕ کێبرکێیەکانی یابان دروست بووە .

دروست کرەی کۆمپانیا ناوی (نامهیای اودیرا) کە کەسێکی زۆر سادە بوو لە کانە بەردینییەکانی (کوهارا) کاری دەکرد کە خاوەن عەقلێکی مەزن بوو ، وە ووڵاتی یابانی زۆر زۆر خۆش دەویست ، وە ئامانجی یە ژیان بریتی بوو لەوەی (کە

بیسەلمێنێت یابان پێویستی بە وولآتانی بیانی نییە بۆ گەشە سەندنی و بوژانەوەی، بەلکوو یابان خۆی لە توانای دایە ئەم کارە بکات)

سەرەتا (اودیـرا) سـالّی ١٩١٠ لـە شـوێنی کـاری خـۆی دەسـتی بـە دروست کردنـی (مولیدەی کارەبایی) کرد بەلآم لەو ڕۆژگار کارەکەی زۆر سادە و ساکار بوو.

هەندی پێ نەچوو جەنگی جیهانی یەکـەم هەلگیرسا و کڕیـارێکی زۆر پـەیدا بـوون بۆ بەرهەمەکەی (اودیرا) چونکە بە هۆی جەنگ هاوردەی دەرەکی قەدەغـە کـرا و وێستگەی کارەباییـەکان پـشتیان بـە بەرهـەمی نـاوخۆ بەسـت . ئەمـە بـووە هـۆی دەرکردنی ناوبانگ ، بەرز بوونەوەی داوای خەڵك بۆ کارەکەی .

لە سالّی ١٩٢٠ هەستا بـە دامەزرانـدنی کۆمپانیـای HITACHI اودیـرا ئامانجەکـەی لە بەر چاو بوو هەوڵی دەدا لە هەموو توانایەکی بگاتە ئامانجەکەی ، بۆیـە مانـدوو بوون و سارد بوونەوەی لە فەرهەنگی ژیان سڕیبووە وە . کۆمپانیاکە گەشـەی کـرد و شوێن پایەیەکی چاکی دانـا لـە بـازاڕ ، بـەلآم هـەر ڕاسـتەوخۆ دوای داگیر کردنـی یابان . وولآتی داگیرکـەر هەسـتا بـە داخـستنی (١٩) کارگـەی ئـەم کۆمپانیایـە ، ئـەم ڕووداوە خەریك بوو شکست بە اودیرا بهێنێت و ئیفلاس بـوون ڕابگـەیـەنێت بـەلآم هێزی ئەمریکی هەستان بە بەستنی چەندین گرێبەست لەگەڵ ئـەم کۆمپانیـا لـە کاتی جەنگی کوبا دیارە ئەوەش بووە هۆی هەستانەوەی سەرپێی HITACHI .

بۆ هەر شوێنەك و هەر ڕووداوەك بهاتبا پێش اودیـرا . ئامانجەکـەی هێنـدە گـەورە بـوو هەڵیدەوەشـاندەوە لـە پـەنجاکان دابـەش کـەری یەکـەم بـوو لـە بـواری (Nippon Telegraph & Telephone) (NT.T) وە لـە پـاش جـەنگ لەگـەڵ هەستانەوەی یابان لەگەڵ ئەوەی HITACHI کێشەی هەبوو لەگەڵ IBM بـەلآم هەستا بە ناوی خۆی کۆمپیوتەری دروست دەکرد .

پاشان لەگـەڵ کۆمپانیـای (تاتـا) ی هینـدی گرێبەسـتی مـۆر کـرد و HITACHI بەرهەمەکانی خستە بازاڕەکانی وولآتی هند .

Scanned by TapScanner

HITACHI و ئامانجەکەی و خاوەنەکەی تا ئێستا لە سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنیان لە هەنگاونان بەردەوامن .

دە ئێوە بڵێن کەسی وا چەند پێویستە بۆ وولاتمان



Scanned by TapScanner

ناوەرۆك

پێشەکی.................................... ٧

بەشی یەکەم

پاڵنەرەکانی ئامانج.................................... ١٢

پێناسەی ئامانج.................................... ١٣

پلەکانی ئامانج.................................... ١٧

سوودەکانی ئامانج.................................... ٢٠

بەشی دووەم

بۆچی خەڵکی ئامانج دانانێن؟.................................... ٢٤

پێویستیەکانی ئامانج.................................... ٢٨

هۆکارەکانی گەیشتن بە ئامانج.................................... ٣٣

بەشی سێیەم

بۆچی ناگەینە ئامانج؟.................................... ٣٨

پایەکانی ئامانج.................................... ٤٢

خەسڵەتەکانی ئامانجی چاك.................................... ٤٥

گەر نەگەیشتیتە ئامانج؟.................................... ٥٠

هەندێ چیرۆکی ڕاستەقینە دەربارەی ئامانج

- مالیزیا و ئامانجەکەیان.................................... ٥٤
- پاشای ئەندەلوس و ئامانجەکەی.................................... ٥٤
- چیرۆکی سەرکەوتنی دایۆ.................................... ٥٦
- کۆمپانیای هیتاشی HITACHI و ئامانجەکەی.................................... ٥٨

Scanned by TapScanner

★★★★★★★★★★★★★★ تــەواو ★★★★★★★★★★★★★★

Scanned by TapScanner

لەم کتێبەدا :

- ئامـــــانج چی یە ؟
- جۆرەکانی ئامـــانج
- پێویستیەکانی ئامانج
- پلەکانی ئامـــانج

لەگەڵ چەندان چیرۆکی واقیعی دەخوێنیتەوە ...

ژمارە سپاردنی (٢٣٢٩)ی پێدراوە

Scanned by TapScanner